ROJî GEl , Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# رامان داری بناسن



رامان داری گۆرانیبێژێکی کوردە، ساڵی ١٩٨٤ لە شاری قامیشلۆی رۆژئاوای کوردستان لەنێو خێزانێکی هونەرپەروەردا چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە. نەوەی رەفعەت داری هونەرمەندە، کە لاوک و داستانی زۆری گوتووە، بەهۆی ئەوەوە لاوکی خەجێ و سیامەند، فاتیمەو سالح نۆژەن کراونەتەوە. هەروەها تەمەنی منداڵی خۆی لەشاری قامیشلۆ بەسەربردووە، لەنێو خزم و ئاشنایانی هونەرمەروەردا گەورەبووە. لە دەیان ئاهەنگی کوردیدا بەشداری کردووە، ئاواتیشی بەرز راگرتنی مۆزیکی کوردییە.

وێرای ئەوانەشەوە رامان داری بە هونەرو ئاوازی محەمەد شێخۆ سەرسامە و سوودی زۆریشی لێوەرگرتووە.

هونەرمەند رامان داری بەهەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و تورکی گۆرانی دەڵێ. تا ئێستا دەیان گۆرانی تۆمارکردووە.

# کامکارەکان و کۆنسێرتی خێرخوازی

گروپی مۆزیکی کامکارەکان ئاشکرای کرد کە لە بەرنامەی دایە لە مانگی دیسێمبەری ئەمساڵدا کۆنسێرتێکی تایبەت لە شاری تاران بەرێوەببات، داهاتی ئەو کۆنسێرتەش پێشکەش بە منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە دەکات.

کامکارەکان گروپێکی مۆزیکی کوردی رەسەن و ناسراون، خەڵکی پێشوازی لە کۆنسێرتەکانیان دەکات، ئەمجارەیان بۆ هاوکاریکردنی دامەزراوەکانی منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجە لە شاری تاران کۆنسێرتێکی تایبەت ساز دەکات، وەک چاوەڕوان دەکرێ کە وەک جاران زۆربەی گۆرانیەکانی فۆلکلۆری بە شێوازێکی نوێ نۆژەن دەکەنەوەو پێشکەشیان دەکەن.

# وڵاتی ئەفسانە لەباشوری کوردستاندا

**فیلمی** سینەمایی وڵاتی ئەفسانە لە رۆژانی داهاتوودا لە سینەماکانی شارەکانی باشووری کوردستان دا پێشان دەدرێ.

فیلمی سینەمایی وڵاتی ئەفسانە دوایین بەرهەمی سینەماکاری لاوی کوردستان رەحیم زەبیحییە، ئەم فیلمە بەم دواییانەدا لە لە یەکەمین خولی فیستیڤاڵی کوردی زوریخ لە وڵاتی سویسرا دا بەشداری کردووە و سەرنجی بینەرانیشی بەلای خۆیەوە راکێشاوە.

فیلمی سینەمایی وڵاتی ئەفسانە کە هونەرمەند رەحیم زەبیحی دەریهێناوە، پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە، وەک تەنیا نوێنەری سینەمای ئێرانی لە بەشی کێبڕکێی 'سینەماکارانی ئێستا' لە شەست و یەکەمین خولی ڤێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "لوکارنۆ"ی ٢٠٠٨ لە وڵاتی سویسرا بەشداری کردبوو، هەروەها بە ئامادەبوونی خودی هونەرمەندیش سێ جاران بە سەرکەوتوویی پێشکەش کرا.

جێگەی ئاماژەیە کە فیلمی وڵاتی ئەفسانە لە ناوەندی کولتوری و فێربوونی زمانی کوردی لە یۆتەبۆری لە وڵاتی سوید پێشکەش کرا، کوردانی ئەوێ پێی سەرسام بوون، هیواخوازین کە کوردستانیانی باشووریش بەگەرمی پێشوازی لێ بکەن و سوودی لێوەربگرن.

**سیامەند**

# زەماوەندی ٢ منداڵ بەتاڵ دەکرێتەوە

**پۆلیسی** پاکستان توانی زەماوەندی بووکێکی چوار ساڵان و زاوایەکی حەوت ساڵان هەڵبوەشێنێتەوە.

رۆژی هەینی رابردوو، پۆلیسی پاکستان کاتێک هەواڵیان پێدرا کە لەماڵێکدا ئاهەنگی زەماوەندی دوو منداڵ بەرێوە دەچێ، خۆیان گەیاندە شوێنەکەو ئاهەنگەکەیان بەتاڵ کردەوە.

پۆلیسی شاری کەراچی ئاشکری کرد کە زەماوەندەی دوو منداڵی هەڵوەشاندۆتەوەو ئەو پیاوە ئایینیەشیان دەستگیر کردووە کە ئەو دوو منداڵەی لەیەکتر مارە کردووە.

بەگوێرەی دەستووری پاکستان کور و کچ لە دوای هەژدە ساڵیەوە دەتوانن ژیانی هاوسەریتی پێکبهێنن، بەڵام کابرایێک، کچێکی ٤ ساڵانەی خۆی لەبری ٥٠٠ هەزار رووپیە کە دەکاتە ٦١٣٨ دۆلار بە کوری هاورێیەکی خۆی دابوو، بەڵام یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی زاوا هەواڵەکەی بە پۆلیس گەیاند، ئەوانیش گەمارۆی ماڵەکەیان دا، زەماوەندەکەیان هەڵوەشاندەوە، باوکی کورەکەو مەلاکەشیان دەستگیر کرد، بەڵام باوکی کچەکە رایکردو نەدۆزرایەوە.

# ئۆلبرایت وێنەی یادگاری لەگەڵ گروپی شەمس دەگرێ

پاش ئەوەی گروپی مۆسیقی شەمس بانگێشتی ئەمریکا دەکرێن و چوار کۆنسێرتی سەرکەوتوو پێشکەش دەکەن لەمانگی ئۆکتۆبەری٢٠٠٨ داو بە هاوبەشی هونەرمەندی کورد هەژار زەهاوی کە لەم گەشتەی گروپی شەمس بەشدار بوو بەئامێرە رەسەنەکەی خۆی جۆش و خرۆشی دایە کۆنسێرتەکان،پاش ئەم کۆنسێرتانەش ت لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کەناڵی بەناوبانگی ئەمریکادا توانیان بەهرەو هونەری رەسەنی خۆیان نیشانی ئەمریکیەکان بدەن و بەسەرکەوتوانە ئەو بەرنامەیەکە بۆ تەواوی ئەمریکا بڵاوکرایەوەو لەکۆتایشدا ئەو گروپەو ناوبانگیان کارێکی وای کرد کە خاتوو مادەلین ئۆلبرایتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای سەردەمی کلینتۆن بینی و خۆشحاڵی خۆی نیشان دا بەو هونەرەی پێشکەشیان کرد.

دواتر مادلین ئۆلبرایت داوای لێکردن کە بۆ یادگاری وێنەیان لەگەڵدا بگرێت،

**سەرچاوە: چرا تی ڤی**

# ژووانگە



## لە یازدەهەمین ماڵئاواییت دا

**پەروانە لە بەینی سوتانی باڵەکانیداو**
**خۆشەویستی بۆ گڕ!**
**خەریکە گیان لە دەست دەدا**
**منیش لە نێوان یادگارو پرسەدا**
**ژان لە دڵمەوە دەرژێ**

هاورێم! بەر لەوەرینی چاوەکانم دەمویست دوا نیگا بە تۆ ببەخشم، بەڵام ئەم پەنجەرەیە بەرووی ئازارەکانم کرایەوە، لەو رۆژەوە دڵم کەمانجەیەکی ژان گرتووەو بە ژەنینی ئاوازی گریان و بەرخۆدان راهاتووە.

ئەی فریشتە سپی سپییەکەی ئێواران و تیشکە زێرینەکەی زەردەپەر خێراتر ئەم کەمانجە رەنگ پەمەییە بژەنە، چونکە جگە لە دەنگی تۆ هەموو دەنگەکانی دیکە لە قەتران دەچن و منیش گریان لە ئامێز دەگرم تا رەنگم دەبێتە رەنگی فرمێسک.

ئێی هاورێم! لە بیرمە کە دەتگوت: بە کاڵێ پەنجە لە حەرفەکانی عەشق وەرمەدە نەبادا پێش گەیین وشک بێت.

ئێستا لە پەیڤەکانت تێدەگەم و دەزانم مەبەستت بوو نەمامی تازە هەڵچووم زیاتر رەگ دابکوتێ، بەڵام ئەوە یازدە ساڵە کەس نیە رەنگەکانم بۆ لێک بداتەوە، یازدە ساڵە لە ژێر رەحمەتت خەمدام، بێ ئەوەی دەرفەتم هەبی زیارەتی پێکەنینێکی جاران بکەم، یازدە ساڵە سرووەیەکی وێڵم و دەزانم گوڵاڵە سوورە جوانترین گوڵەکانی بەهارە کەچی بەیانم لێ بزرە.

هاورێ! دەمەوێ کەمێک لە خۆم جیا ببمەوە، چونکە لەکاتی جیابوونەوە لە خود هەموو شتێک حەلالە، گریان، سووتانی هەناسە، تا بەخشینی دو دڵۆپی رۆحیش.

ئەو رۆژە چەند سەخت بوو کە باهۆز بەبەهاری گوت: چۆلیکە بۆ پایز، چەندە سەردەمێکی بە ژان و چەند پڕ خەم بوو، گوڵاڵە سوورەیەک هەڵوەری، سەدهێندەش بە ئازار بوو کە گیانی پەپولەیەک هەڵفڕی.

ئەی ئاسمانە رەنگ گەنمیەکەم دەدابارە، ئیویستم بە پاک بوونەوە هەیە، چونکە لە غیابی من بوو گیانی تۆ وەک ئەستێرە دارژا.

هاورێم! لێم ببوورە و رێگەم بدە هەموو ساتێک لەم رۆژەدا یازدە جار لە باڵات بنوارم، چونکە باڵات هێندە بەرزە ئەگەر منارەیش بچێتە سەر قەڵا هێشتا بە بەرزی باڵای تۆ ناگا.

**سەرنووسەر دەینووسێ**




# ئەگەر مەکین سەربکەوێ، سیل و هایدی کلۆم ئەمریکا جێ دەهێڵن

کاتێک هونەرو سیاسەت تێکەڵاو دەکرێ، هونەرمەندانی ئەمریکا رق لە جۆن مەکین کاندیدی کۆماریخوازەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا هەڵدەگرن. پێشتر مادۆناو دەیان هونەرمەندی دیکە لاگیری خۆیان بۆ باراک ئۆباما دیاری کردبوو، ئێستاش هەریەکە لە **هایدی کلۆم** کە هونەرمەندێکی مۆدێلێست و **سیل**ی هاوسەری کە گۆانیبێژێکی ناسراوەو جەماوەرێکی زۆریان هەیە، لە راگەیاندراوێکی هاوبەسدا رایانگەیاندووە کە ئەگەر جۆن مەکینی کاندیدی کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردندا سەربکەوێ، ئەوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێدەهێڵن، چونکە مەکین توانای بەرێوەبەردنی وڵاتێکی وەکو ئەمریکای نیە.

سیلی تەمەن ٤٥ ساڵە هایدی کلۆمی هاوسەری جەختیان لە پشتیوانیکردن لە باراک ئۆباما کردۆتەوەو بە مرۆڤێکی مەزنیان ناوزەد کردووە، رایانگەیاندووە کە ئەگەر جۆن مەکین ببێتە سەرکۆماری ئەمریکا، شوێن پێی جۆرج دەبلیو بووش هەڵدەگرێتەوە، ئەویش لە تەمەنی دەستەڵاتی خۆیدا کارەساتی گەورەی بەسەر ئەمریکادا هێناوە. ئەوان گوتویانە: ' کاتێک مرۆڤ بیر لە رەفتارە دڕاندانەکەی بووش و کارەساتەکانی سەردەمی دەکاتەوە، هەست بە شەرمەزاری و بێزاری دەکات، بۆیە نامانەوێ هاوشێوەی ئەو ببێتە سەرکۆماری وڵاتەکەمان'

ئەو دوو هونەرمەندە پێیانوایە کە جیهان باجێکی زۆری درۆکانی بووش و بۆچوونە شەرانگێزیەکانی ئەویان داوە، وڵاتی دووچاری هەرەسی ئابووری کردۆتەوە، ئەگەر مەکین ببێتە سەرکۆمار، ئەو باجانە دووبەرابەر دەبنەوەو زیانێکی گەورە بە خەڵکی ئەمریکاو وڵاتەکانی جیهان دەگات، ئەوانیش ئەمە پەسند ناکەن.

جێگەی ئاماژەیە کە کێبەرکێ لەسەر بردنەوەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، هەموو سنوورێکی بەزاندووەو خەڵکی ئەمریکای نگەران کردووە.

# ماڵئاوایی



**م. پشتدەری**

ڕازی دەروون
وتی :ئێستا بیرم ناکەی!
بە وشەیەک شادم ناکەی
برینی دڵم سارێژ ناکەی.
وتم :گیانە بێخەبەری!
من وامزانی تۆڵێم بەری
بێ هیوابووم لەتۆی پەری.
تەمەن وا دێو تێپەڕ دەبێ
سەوزەی بەهار بێرەنگ دەبێ
واپوشپەڕەو وشک دەبێ.
ئیتر کاتی ماڵئاواییە
ژیانی من بێ پەناییە
هەتا مردن هەڵوەداییە.

٢٩-١٠-٢٠٠٨

pishdari@hotmail.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com